# بۆ دەستەڵاتدارانی کوردستان

کاوە حەسەن – ڤانکۆڤەر
Kawa2002@yahoo.com

من نازانم چەند کاتی ئەوەتان هەیە چاوێك بە هەواڵی سایتەکاندا بخشێنن ، بەڵام دڵنیام لەوەی هەریەکەتان بەپێی جێگەو بەرپرسیاریتیتان چەندین  ڕاوێژکار و  یاریدەدەرتان هەیە ، وەئەگەر خۆشتان هێندە سەرقاڵ بن بە " کۆبۆنەوەکانتانەوە" ئەوە ئەوان ئاگادارتان دەکەنەوە لە گێشەو گرفتەکان . وەئەگەریش هەر ئاگاتان لەهیچ نیەیە لەبەر سەرقاڵی و کێشە حزبی و ئیداریەکانتان ئەوە چارەنووسی ئەم نامەیەش هەمان چارەنووسی کێشەکانی تر دەبێت.



ئەم نووسینە بۆ ئەوە نیەیە کەداواکاریەکی تایبەتی هاوڵاتیەیەك بێت بییەوێت بیگەیێنێتە دەستەڵاتدارانی ووڵاتەکەی ، بەڵکو ئاگادارکردنەوە و توورە بوونی کەسێکە کەلانی کەم هێندەتان لێ چاوەڕوان دەکات کە هەڵوێستەیەك بکەن لەبەرامبەر ئەو ڕووداوەی کەلە 17 ی ئەم مانگەدا ڕوویدا کە تێیدا کیژۆڵەیەك بە وەحشی ترین شێوە بەردباران کرا. دڵنیام ئاستی توورە بوونی خەڵك لەئێوە لەسەر ئەم ڕووداوە و چەندین ڕوداوی تر هێندەی نەماوە بگاتە لوتکە ،  بەکورتی لەو باوەڕەدام خەڵکی خەریکە ئەگاتە ئەو باوەڕەی کە هیچ شتێك لەژێر دەستەڵاتی ئێوەدا ناچێتە پێش . ئەوەی وای لێکردم ئەم نامەیە بنووسم ئەوە نیەیە کە زۆر خۆشباوەڕ بم بەوەی کە ئێوە لەرێگەی گازەندەو گلەیەکانی هاوڵاتیانەوە بەخۆتاندا بچنەوە و هەڵوێستەیەك بکەن ، نا من تەنیا ئەمەوێت چەند شتێك بڵێم سەبارەت بە ئەرکەکان و بەرپرسیارێتی دەستەڵات لەبەرامبەر هاوڵاتیدا.

من لەوڵاتێکدا دەژیم کە لەسەر بنەمای فیدارلیزم کار دەکات کە ئێوەش شەری بۆ دەکەن ، دەستەڵاتی هەرێمەکانی ئەم ووڵاتە پێیان دەوترێت حکومەتی نیونەرایەتی خەڵك چونکە لەرێگەی هەڵبژاردنەوە دێنە سەر کار " وەك ئێوە" ، بەڵام جیاوازی ئەم حکومەتانە لەگەڵ ئێوەدا ئەوەیە کاتێك کە بچووکترین کاری ڤێزەوەن ڕوو دەدات و لەئاستی چاوەڕوانیەیەکانی خەڵکدا کورت دێنن ، دەستەڵاتداران واز لەپۆستەکانیان دێنن و داوای لێبوردن لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن و میدیاکانەوە لەخەڵك دەکەن ، وەئەگەریش خەڵکی ڕازی نەبوون بەم وازهێنانە ئەوە دەستەڵاتداران پەیمان دەدەن کە کێشەکان چارەسەر بکەن.

ئەرێ بەڕاستی ئێوە چۆن سەیری ئەم جۆرە ڕووداوانە دەکەن ، ئێوە چی لەو پۆلیسانە دەکەن کە لەپێش ئەو عەشاماتەی کە تینووی خوێنن و هەڵدەکوتنە گیانی بێ تاوانی کیژۆڵەیەکی وەك دوعا. ڕەنگە پێشوو پاساوی ئەوەتان بهێناباییەوە بەوەی ئەو تاوانانە بەنهێنیەیەوە ئەنجام دەدرێن ، ئەی بەمەیان دەڵێن چی ؟ چی جۆرە پاساوێك بۆ ئەم مەسەلەیە دا ئەتاشن ، ئاخر خۆ زۆرێك لەئێوە لەووڵاتانی پێشکەووتدا ژیاوە و ئەشزانێت گیژۆڵەکان چۆن مامەڵە لە گەڵ خۆشەویستەکانیاندا دەکەن ، باشە ئێوە کاتێك ئەم پۆلیسانە چەکدار دەکەن و دەیانکەن بەچاوێدر بەسەر خەڵکەوە چیان فێر دەکەن پێش ئەوەی ئەم ئەرکەیان پێبسپێرن . بینینی ئەو چەند پۆلیسە لەنێو ئەو عەشاماتی جەهەل خورافەیەدا ، گەورەترین نائومێدی خەڵکە لەبەرامبەر دەستەڵاتدا .

بوونی فەرهەنگی دواکەوتوو لەووڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا شتێکی هاشا هەڵنەگرە و هەموومان ئەوەمان قەبووڵە ، دەزانین ناموس و شەرەف پەرستی بەتەنیا لەم ووڵاتانەدا هەناسە دەدات . بەڵام خەڵکی کوردستان بۆ زیاتر لە 15 ساڵە لەژێر دەستەڵاتی ئێوەدا پەروەردە دەکرێت ، ئێوە ئەمەتان لەنێو خەڵکدا ڕواند ؟ ئێوە پیاوانتان فێری ئەوە کرد لووتی ژن ببڕن ، یاخوود دووعا ئاسا چەندین کێژۆڵە لەخوێن بگەوزێنن؟  ئاخر ئێوە ئەگەر ئەتانەوێت کۆمەڵگایەکی مەدەنی بنیات بنێن چی لەم مێژووە شوومە دەکەن ، چی لەو بەرپرسانەتان دەکەن کەچەندین ژنیان وەك مەڕو ماڵات ڕیزکردووە ، چی بەو ڕیکخراوە مرۆڤ دۆستانە دەڵێن کاتێك کە ڕووداوێکی دژە ئینسانی لەم بابەتە بەهاوکاری پۆلیسە دێوە زمەکانی ئێوەوە ئەنجام دەدرێت

، لەبیرتانە هەموو میدیاکانی دنیا دیمەنی کوشتنی دوعایەکی تری لە ئەفغانستان لە ساڵی 2003 لەگۆڕەپانێك بەدەستی تاڵیبانەکان پێشان دەدا ، باشە جیاوازی ئەم کارە قیزەوەنە و ئەو تاوانەی کە تاڵیبانەکان کردنیان چییە؟ ئێوە پاساوتان بۆ ئەمانە چیە ؟

پریمەیری هەرێمەکەی من کەسێکی ناسیاوی هەندێ چاکسازی لەخانووەکەیدا کردبوو ، لەبەرامبەر ئەم یارمەتی دانەدا جەنابی پریمەر ئاسان کاری لە مۆڵەتی بیزنسدا کردبوو بۆ ئەو کەسەی یارمەتی دابوو ، لەئاکامی ئەم کارە و ئاشکرابوونی پریمەیر پۆستەکەی لەدەستدا و ئێستا وەك هەرکەسێکی نۆرماڵ ژیان دەباتە سەر و شانسی پۆست وەرگرتنی هیچ پاییەکی سیاسی و ئیداری نییە. جا پرسیارەکە لێرەدایە ئەرێ ئێوە چەند کاری لەم بابەتەتان ئەنجامداوە ؟ ئەم سەرگوزەشتەیە مانای چییە بۆ ئێوە ؟

لەکۆتایدا ئەگەر ئەتانەوێت پێشکەوتن ڕووبدات و خەڵکی بەرەو پێش بڕوات و کۆمەڵگایەکی مەدەنی بنیات بنرێت ، پێویستە ئەم مەسەلەیە گەورەترین عیبرەت بێت چی بۆ دەستەڵات و وەچی بۆ ئەوانەی کە لەکۆمەڵگادا ئەم جۆرە کارانە ئەنجام دەدەن.

تێبینی:

سۆپاس و پێزانین بۆ سایتی کوردستان نێت کە ئەم ڕووداوەی هێنایە سەر ئاستی میدیاکان

وێنەی نێو ئەم بابەتە لەکوردستان نێتەوە وەرگیراوە.

نیسانی 2007